# دەنگدان و بەهای 730 لەو هەڵبژاردنەدا

دلزار حەسەن
dlzarhessen@yahoo.com

بەو پێیەی کە بڕوام بە پرۆژەو بنەماکانی دیموکراسەیت و مەدەنیەت و مافە نەتەوەییەکان هەیە وەك پرۆسەیەکی سیاسی و ئیداری و سیتماتیکی لە نێو چوارچێوەی دەوڵەتدا , بۆیە گرینگی لێدوان لەسەر دەنگدان و ژمارە 730 ی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان و بەهای ئەو هەڵبژاردنە کە بڕیار وایە لە 12/15 لەسەرتانسەری هەرێمی کوردستان و عیراقدا ئەنجام بدرێت بە شتێکی لۆژیکی دەزانم بۆ دونیای ئەمڕۆکەمان , جا قسەکردنیش لەسەر هەریەکێك لەو چەمکانە دوا جار قسە کردنە لەسەر قورسایی بوونی بەهایەك کە مرۆڤ لە نائاگاییەوە دەگوازێتەوە بۆ دۆخی ئاگایی , بەمانایەکیدیکە پرۆسەی هەڵبژاردن کە پرۆسەیەکی تاسەر ئێسقان دیموکراسیانەو مەدەنیانەیە , ئەو پرۆسەیە لە نێو خۆیدا مرۆڤ وەك بونەوەرێکی ئەکتیف دەناسێنێت بەوەی سەرپشکی دەکات لە دانان و گۆڕینی دەسەڵات و سیستەم و تاك تاکی کەسە ئیداری و سیاسیەکانی نێو دەوڵەت .کاتێکیش دەنگدان ئەو سیفەتە چالاکە بەخۆیەوە هەڵدەگرێت ئیدی ئاگایی بڕیاردان کە چاوگەیەکی بە بایەخی جەوهەری مرۆڤە ئازادەکانە ڕێك ئەو ئەدا کردنە دەبێتە خاڵی خۆ بە مرۆڤ زانین لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەر کە مرۆڤیش هەستی بە بوونی مەردوومیەتی خودی ڕاستەقینەی خۆیکرد ئەوە ئاگایی کە چەمکێکی مانابەخشە و بەپێ قۆناغە ماتریالیەکانەوە ئاگایی مرۆڤ لێیەوە سوودی وەرگرتوە لەو نێوەدا دەتوانین مرۆڤی هۆشیار وەك کارەکتەرێکی زیندوو لە نێو بووندا دەست نیشان بکەین .

ڕەنگە بەهەڵەشدا نەچووبم گەر قسەکانم پشت ئەستوور بکەم بە لێوەتێگەیشتنێك لەبارەی هەر سێ چەمکەوە , دەنگدان و هەڵبژاردن وەك دوو پرۆسەی زیندووی دونیای دیموکراسیەت و ژمارە730 یش وەك لیستێکی ئامادەکراو لە لایەن گروپە کوردستانیەکانەوە بۆ گۆڕینی واقیعی کلتووری و سیاسی و ئیداری و ئابووری عیراق کاردەکات بۆ دونیایەکی جیاوازتر لە وەی کە عیراقی کۆن بۆ ئێستامانی جێهێشتوە , دەشێ بەچاوێکی تا ئەندازەیەکی زۆر جیاوازترەوە لە دیدی عەربێکی توندرەوو ناسیۆنالسیت و دینی و تائیفەگەری سەرنجی پرۆژەی لیستی 730 ی بکرێت کە لەناوەخنیدا هەڵگری دۆخێکی پێچەوانەترە لەوەی کە لیستەکانی دیکەی عیراقی هەڵیانگرتووە , لەو باوەڕەدام تاکە فشاری ئازادیخواز لەو نێوەدا ئاماژەبێت بۆ هەلوو مەرجێکی لەبارتر لەوەی ئێستا کە هێزە سوونی و شیعەکان دروستیان کردووە تەنها گرووپی کوردستانیەکانە کە خاوەن بەرنامەیەکی مۆدێرنی هیوابەخشە , ئەمەش نە قسەیەکی سۆزدارانەیە و نە موجامەلەیەکی سیاسیانەیە بۆ دەسەڵاتی کوردی بەراشکاوانەش دەیڵێم قەت هاوڕا نەبوویمە لەگەڵ دەسەڵات و هەردەم لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بوویمە قەتیش لایەنگری دەسەڵاتیشم بە بێ هۆ نەکردووە , کاتێکیش لەوها دەرفەتێکدا چەند قسەیەکیش بۆ دەنگدان و لیستی 730 ی دەکەم .

هەڵبەتە ئەم پشتکیری کردنەشم لە لیستی 730 لەبەر چەند مەترسیەك و ئەو ئایندە نارۆشنەیە کە دڵنیام هەر تاکێکی بەئاگا ئاگایی خۆی بەکار بێنێت لەبەرامبەر ئەو ڕەوشە مەترسیدارەی کە هێزە مەزهەبی و ناسیۆنالیستە توند ڕەوانەی کە بەرنامەیان بۆ دواکەوتنی عیراق داناوە بێگومان بە گومانەوەش سەیری بۆ چوونەکانم ناکاتوو بە دڵنیایەوە دەیڵێم ئەمیش هاوڕا دەبێت لەگەڵمدا , پێمان خۆشبێت یان ناخۆشبێت هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە

عیراقی خاوەن سەروەری بەیەك پارچەیی بەنەتەوەی کورد و عەرەب و کلدووئاشوروو تورکمانەوە لە ژێر دەستوورێکی دارێژراوو پەسندکراوو بە هەیکەلێکی ئیداری تازەو فۆرمێکی نوێی سیاسی و کلتوریەوە خۆی ناساندوە .
لەبەرامبەر ئەوەشدا دونیایەك هێزو فشارهەن بۆ گەڕانەوەی عیراق بۆ دۆخی جاران و لەوەش ترسناکتر گەڕانەوەیەتی بۆ سەدەکانی ناوەراست و نەزانین کە مومکین نیە جارێکی دیکە مرۆڤی ئەو سەردەمە بەتێگەیشتن و خەونی رابردووەوە ئایینده بسازێنێت , بۆیە گەورەترین مەترسی کە بەردەوام لەسەر شانۆی سیاسی و کلتووری ئێمە خۆی نمایش دەکاتەوە ترسی ئایدیای ئایینی و مەزهەبیە کە بە وتەی ئەجێندای فیکری عەلی وەردی ئەم مەخلوقانەی عیراق دیارە مەبەستی ( ناوەراست و خواروی عیراقە )مرۆڤانێکی دووفاقیین و مومکین نیە وابەئاسانی ئەقڵی تائیفەگەری و بەدەویانەی خۆیان وازلێبینن , دیارە خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵگایە لە دیدی کۆمەڵناسێکی وەك د. عەلی وەردی ئەوها بە دواکەوتوو و شەرانگێزناسراوبن ئاخۆ دەسەڵات و ئیدارەو حکومەتیان بکەوێتە دەست دەبێت بە چ ئاراستەیەکی ببەن , بۆیە رەچاوکردنی ئەو لایەنە بۆ ئێمەی کورد زۆر پێویستە کە نەهێڵین ئەو جۆرە کارەکتەرە دۆڕاوانەی نێو مێژوو جارێکی دیکە زیندوو بکرێنەوە و بێنەوە سەر شانۆی سیاسەت و دەسەڵات ئەو رێگاکرتنەش تەنها بە دەنگدان و بەشداریکردنی هەڵبژاردن و پاڵپشتی کردنی لیستی 730 دەکرێت کە خاڵی جەوهەری پرۆژەو بەرنامە کارگوزاریەکانی ئەو لیستە بە شێوەیەك لە شێوەکان دوورخستنەوەی ئەو مەترسیانەیە کە ئەو جۆرە ئەقڵانە دەیانەوێ بۆ عیراقی تازە بەرهەمی بهێننەوە . مەترسیەکی دیکەی زیندوو کە بەردەوام لەگەڵماندا دەژیت ترسی بۆچوونی عەرەبە ناسیۆنالستەکانە لە بارەی مافی کوردو چارەنووسی ئەو گەلە بە گەیشتن بە مافە رەواکانی خۆی کە لەوەتەی عەرەب لە عیراقی سیاسیدا باڵادەستە هەزمی بوونی نەتەوەی کوردی نەکردووە وەك نەتەوەیەکی ماف خوراوو خاوەن هەق لە چوارچێوەی عیراقدا , بۆیە ئەو مەترسیە بە بەردەوامی لە سیماو لێدوان و چاوی عروبیەکانەوە هەستمان پێکردووە و هەر لەبەر ئەوەشە مەترسی گەورە لە بەرامبەر گروپە دیموکراسی و ئازادیخوازەکانەوە ئەو جۆرە بیرکردنەوە شۆڤینیانەن کە لە هەوڵی ئەوەدان جڵەوی سیاسی لە عیراق جارێکی تر بگرنەوە دەست هەر لەبەر ئەوەشە وا پێویست دەکات هەموو ئەو گروپ و لایەنە دیموکراس و لیبڕاڵ و پێشکەوتوخوازانە بۆ رێگاگرتن لە تەوژمی ناعەدالەتی و کۆنەخوازی ببن بەیەك دەنگ بۆ سەر خستنی لیستی هاوپەیمکانیی کوردستان.